شیعر



مەوجود سامان

# من و تارکۆفسکی

له کێ یارەب خەبەر پرسی بکەم
که هەر کەس بۆ خەبەر چوو بێ خەبەر کەوت
مەحوی

من و تۆ لە ئاوێنەیەکدا لە دایک بووین، دواتر شکا

**سوپاس هەی خودایە**
**کە چۆن ئەم هەموو مەخلووقاتە جوانانەت ئەفراندووە!**
**منیش یەکێکم لە پەرجووەکانت**
**تۆ خەڵتانی منیت، منیش**
**خەڵتانی عیشقی وەرز و ساڵەکانت بووم**
**خەڵتانی شەوگار و نهێنییەکانت بووم...**
**سوپاسی ئارامی و سینگفراوانیت دەکەم**
**کە لێگەڕای لە هەندێ بازنەی تەماوی،**

**باخچە تریفەییەکانت بەشداری بکەم**
**ستایشت دەکەم کە بەو رەهاییەت دەتوانی**
**لەنێو تریە خەونێکم، دەریایەک ونگەی تازەم نیشان بدەی**
**بەڵام زۆر سوپاس و ستایشی زیاترت دەکەم**
**گەر میهرەبان و دۆستانە**
**دڵەکەم لە وەستان رابگریت....!!**
**چونکە من لەمەولا ئەم یاریکەرە فریشتەییە نیم**
**لە گەمەکان، گۆران هەڵبژێرم**
**چیتر بەرگەی ئەم دڵە ماندووەی خۆم ناگرم**
**کە هەمیشە خلّتانی فڕین و نغرۆبوونە...**

خوایە تا ئاستی قیزکردنەوە هەست بەبێداری و دڵتەنگی دەکەم تا رادەیەک دەمەوێت خۆم هەڵبواسم تەواو تەنیام کە تێ دەگەیت تەنیایی مانای مردن دەداتەوە ئیدی بۆت یەکلا دەبێتەوە کە ئەم هەستە چەند دژوارە هەر کەسانێک یان ناپاکە یان ناپاکیم لەگەڵ دەکات، تەنیام و هەر بۆشاییە و لە روحمدا بەرینتر دەبێتەوە روحم بێ پارێزەر و بێ بەرگرە. هەر چییەکیش دادەچۆڕێت هەر مردنە لە تەنیایی دەترسم، نامەوێت بژیم دەترسم بەرگە نەگرم بەرگەی ئەم هەموو تاسەبارییەی وڵاتی خۆم ناگرم.

بەشێک لە دوانامەی تارکۆڤسکی